# زەمینەی سیاسی و کۆمەڵگاناسی

## (ماکس ڤیبەر)

ئانتۆنی گیدنز
و: عومەر رسول خدر



زۆرجــار دەگوترێــت نووســینەکانی مــاکس ڤیــبر، وەڵامگۆییە بۆ سەرمایەداری، ئەگــەر مەســەلەکە بەمشــێوەیە بخرێتــەڕوو، ئــەوا گومڕاکەرانەیــە، لەراســتیدا ئــەوەی وەك زەمینـــەی سیاســـیو ئـــابووریی، بەتایبـــەت ســـەبارەت بەنووســینەکانی کۆمــەڵگازانی ڤیــبر، گرنگــی خــۆی هەیــە، وەك،وەدرەنــگ کــەوتنی) بەرەوپێشچــوونو گەشــانەوەی ئەڵمان[1] ئەگەر بمانەوێت بەگرتنەبەرچاوی مــۆدێکی بریتــانی داوەری بکــەین، ئــەم دەیانــەی دوایــی ســەدەی نۆزدەهــەم لەراســـتیدا رۆژگـــاری کامڵبوونـــە لەپەرەســـەندنی ســـەرمایەداریدا: دەتـــوانین هـــەتا ســـاڵی (1900) بریتانیـــا نیوســەدەی وەك وڵاتێکــی پیشەســازی[2] بــزانین لەراســتیدا زۆربەی کۆمەڵگاناسان، کاتێ باس لەســەرمایەداری ســەدەی نۆزدەهەم دەکەن، بەشێوەیەکی گشتی دەدوێن، لــەناو بــیری خۆیانــدا نموونــەی بریتانیایــان لەبەرچــاوە، کەبەنموونــەی بەرجەســتەو دیــاریکراوی بەرەوپێشچــونی ســەرمایەداری هەژماردەکرێت، بــەڵام مەســەلەکە لێرەدایە،کــە گواســتنەوە بۆســەرمایەداری پیشەســازی لەئــەڵمانیادا، تــەنها لــەکۆتایی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا هاتەکایە، ئەم گۆڕانەش بــەبێ روودانــی شۆڕشــی بــرژوازی ســەرکەتوو، لەچوارچــێوەی جــێگیری سیاســـی کـــەئیمپریالیزمی رژێمـــی پرۆســـی دەستەبەریکرد- بەئەنجام گەیشت، بۆیــە دەبێ وابەســتبوون وهــۆگری مــاکس ڤیــبر، بەســەرمایەدارییەوە، پێشــبینی وگریمانەکانی ئەو لەنووسینەکانی کۆمەڵگازانیدا، بەئاســتێکی زۆر، بەهۆی سەرقاڵی فکری بەتایبەتمەندییەکانی کۆمــەڵگای ئەڵمانییــەوە، لەقۆناغــە ســەرەتاییەکانی بەرەوپێشچــوونی سەرمایەدارییەوە، تێبگەین. ئەم هۆگریانــەی ئــەو لەزەمینــەی لێکۆڵینــەوەو بەدواداچــووندا، پانتــایی خــاکی ئــەڵمان دەگرێتـــەخۆی، نووســـینەکانی ڤیـــبر لەســـەرەتای بڵاوکردنەوەیانــدا بوونــەجیگای ستایشــی زۆر لــەناو کــۆڕو کۆمەڵی محافزەکارەکاندا، ئەمەش بەهۆی پێشــبینیکردنی ئــەو نووســـینە، ســـەبارەت بەمەســـەلەی پۆلۆنیـــابوو، بـــەڵام کەوتنەبەرچـــاوی شـــتی ســـەرەکیتر لەنووســـینەکانیدا، لەبەدواداچوونو لێکدانــەوەی بــارودۆخی ئــابووری لــەکاتی هەرەسهێنانو نەمانی خاوەن زەوییەگەورەکانی لەخۆگرتووە.

ئــەم بەدواداچــوونەش رەوشــی لەبــەرگیراوی ســەرەکی ڤیبربــوو، لەبیرۆکــەی سیاســی دواتــری ئــەودا، بنــەمای مڵکداریتی (فیودیالی) لەخۆرهــەڵاتی ئــەڵمانیادا کەبنچینــەی ئابووری پرۆس بوو، دەبێ جیگاکەی خــۆی بۆســەرمایەداری بازرگــانی چــۆڵبکات، بــەڵام لێکدانەوەکــەی ڤیــبر ئــەوی گەیاندوەتە ئەوســەرئەنجامەی، کەنەدەســەڵاتداری ونەپێگــەی لەحاڵــەتی هەرەســهێنانیان، دەتوانێــت لەگــەڵ مەســەلە ئابوورییــەکان دیاریبکــات وراســتەوخۆ روونــی بکاتــەوە، مڵکدارەکانی یونکر لەسەربنەمای وەبەرهێنانی گوندنشــینان ئیــدارە ناکرێــت، بــەڵکو بــوارە هەمــەجۆرەکانی زاڵبــوونی سیاسی، کەرەگەوریشەی لەپەیوەندییە سوننەتیو وابەســتەیی توندی لەگەڵ هــەژارو هەمــە دەســتییەوەیە، کــەپارێزگاریان لەدرێژەدانی مانەوەی ئەو سیستمە دەکرد، پێگەی ســەربازی پرۆســی دەستپێشــخەرییە سیاســییەکانی ئــەو لەئــەڵمانیادا. بــەوجۆرەی کــەڤیبر دەڵێــت: لەســەربنەمای هــەمان هێــزی ســوننەتی، بــوونی یونکرەکــان رووی‌دا، بــەڵام یونکرەکــان لەبەرخاتری ئەو، دەستپێشخەرییەیان، کەبۆ پاراستنی یــەکێتی سیاسی وڵاتی ئەڵمانیا بوو- گۆڕی خۆیان بۆخۆیان هەڵکەند.

یەکێتی سیاسی وڵات کەئــەڵمانیای بــۆ یەکــەمجار کــردە دەوڵــەتێکی بەهێزی ئــەورووپای ناوەڕاســت، ئــیتر لــەوەودوا، تــەنها بــەزیادبوونی بەپیشەســازی بــوون، قــابیلی پاراســتن وهێشتنەوەی بــوو، تــەنها دەوڵــەتێکی پیشەســازی دەیتــوانی بەرکەبەرێکردن لــەبەرامبەر وڵاتانیتری ئەورووپای خۆرئــاوادا، ئومێدی تواناو هێزی هەبێتو ئەوەی کەڤیبر بەدرێژایی ژیــانی خۆی هەرەشەی گەورەی لەخۆرهەڵاتەوە دەبینــی (روســیا)و تواناو کەرەستەی پێویستی بۆ روو بەڕووبوونــەوەی ئەگــەری لەدەســتدابێت،. ڤیــبر دەڵێــت: لەراســتیدا یونکرەکــان پروپاگەنــدەی بەئەســڵ ئەریســتۆکراتی خۆیــان دەپاراســت، لەکاتێکــدا بەشــێوەیەکی کاریگــەر خــاون مڵکــەکانو بازرگانەکان پیشەیی بوون.

سەرمایە، تایبەتمەندی کۆمەڵایــەتی (یــونکر)و کرێکــارانی ئەوانی دەستخەرۆکرد. لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهــەم، یــونکر ســەرۆکایەتیو گــەورەیی ناوچــە گوندنشــینەکانی لەدەســتدابوو، کرێکــارانی کشــتوکاڵی ئــەوان - یــان ئــەو جوتیارانەی کەزەویان پێدرابوو، بــەهیچ جۆرێــك پرۆلیتاریــا نەبوون...، ئەمانە بەیەك پێوانەکردنی بچوكو لاوەکــی ئــەو جوتیارانەبوون، بەجۆرێك لەقازانجو سودی راستەوخۆ

له کشتوکاڵی بوو، کەسەرئەنجام دەگەیشتەوە قازانجی ئەربابەکان، بەلام بەهۆی بەنرخبوونی بەهای زەوی، ئەو مافەیان لەئەوان دەستبەسەرداگرت.

ئەربابەکان لەدانی زەویوزار بەئەوانە، خۆیان پاراستو دانەویڵەو بەروبوومەکانیان بۆ خۆیان بردو لەبەرامبەردا کرێیاندایە جوتیارەکان، لەبەرئەمە کۆمەڵگای کۆنی پشتبەستووبە بنەمای سودوقازانجی هاوبەش لەبەریەك ترازاو کرێکارانی کشتوکاڵی، کەوتنەگەل چینی پرۆلیتاریا. بەهۆی زیادبوونی پیگەی (گروپی کرێکارانی جێگیر)[3] کۆچکردنی کریکاران لەخۆرهەلاتی ئەلمانیاوە بەرەوخۆرئاوا زیادیکرد، هەتا لەکارخانە پیشەسازییەکاندا کاربکەن،(بەلای ئەلمانەوە هەموو مەسەلە چارەنووسسازەکانی سیاسەتی ئابووریو کۆمەلایەتیو بەرژەوەندی میللی، لەگەڵ کۆمەڵگای گوندنشینی خۆرهەلاتی و کۆمەڵگای پیشەسازی خۆرئاوای ولات، بەمە زیاتر ئابووریەکەی گرێ وگۆڵی تێکەوت).

لێکدانەوەکەی ڤیبر لەم مەسەلانەدا، بەشێوەیەکی بەرچاو جیاوازی لەگەڵ بۆچوونەکانی(SPD)دا هەیە کەلەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتای سەدەی بیستەمدا رایاندەگویاندو دەیانگوت: نووسەرانی مارکسیستی بەدوای هۆکانی گۆڕانی ناوچە خۆرهەلاتییەکانی مڵکداری دەگەڕان، هەمووشیان لەسەر لێکدانەوەی ئابوورییەوە تێیاندەڕوانی، بەلام ماکس ڤیبر کاریگەرییەکانی پەیوەندییە ئابوورییە ئاڵۆزەکانو سیاسیوئایدیۆلۆژی تێبینی دەکرد، لەبەرئەمە، ڤیبر لەروونکردنەوەی هۆکاری کۆچکردنی کریکاران لەبواری کارکردنی کشتوکاڵیدا لێکدانەوەی ئەوی تەنها لەبواری ئابووریدا بەهەڵەدەزانیو نکولی لێدەکات.




میکانیزمی بنچینەیی بەتێڕوانینی ڤیبر چەمکی گشتی بەدەستهێنانی(ئازادیە) لەو کۆتو بەندانەی کەکرێکارانی کشتوکاڵی شەیدای ببوون.

ڤیبر دەڵێت:(مەسەلەی نانو ئاو گرنگی[4][5] لاوەکی هەبووە لەمەدا.

تێزەکەی (رەوشتی پروتستانی) زۆر لەوسەرئەنجامانەی کەڤیبر لەشیکارییەکەی خۆی، سەبارەت بەمەسەلەی مڵکدارێتیو پەیوەندی ئەو بەسیاسەت لەئەلمانیادا بەدەستیهێناوەو بەپێکهاتەیەکی گشتیو سەرتاسەر تێیدا رەنگیداوەتەوە.

هەڵەیە بڵێین ئەم نووسینە بەشێوەیەکی راشکاوانە بەیەکەوە، لەگەڵ ماتریالیسمی مێژوویدا پێکەوە ببەستینەوە. بەڵکو رەوشی دەربڕینی گوتەکانی ڤیبر، هەم سەبارەت بەبنیادی کۆمەلایەتی ئەلمانیاو هەم سەبارەت بەئاستی عەقڵی گشتیانەتر، ئەوی بەرەو تێڕوانینێکبرد، کەلەگەڵ جۆرێك لەچەمكو نموونەکانی مارکسیسمدا یەکبگرێتەوە، بەلام ڤیبر هەرجۆرە پەیوەندی و وابەستەییەکی لەگەڵ سوسیال –دیموکراسەکان، لەپانتایی سیاسیدا نەبوو وەدەربڕینو شیکارییەکانی ئەو لەرەوش ولایەنگری لەسەر ئاسۆکانی تێڕوانین لەبەرەوپێشچون لەکۆمەڵگای ئەڵمانی بوو، بەقبوڵکردنی چەند تێڕوانینێکی دیاریکراوی کانتە نوێکانی قوتابخانەی (هایدلبرگ) کەملبوونو گەشانەوەی عەقڵی گرت، رەوشی ڤیبر بەوجۆرەی کەساڵی (1904–1905) شێوازی وەرگرتو بەتوندی پشتی بەرێکاریو دوفاقەیی لەنێوان واقیعو بەهاکان کەبۆفەلسەفەی دواتری ئەو بنچینەییەکرد، ڤیبر لەم مەسەلەیەدا بۆ ریزبەندکردنی یەك، رەخنەی رەوشناسی لەئایدیالیسمو مارکسیسم کەڵك

وەردەگریت، لەکاتێکدا نەخشە گشتییەکانی ئەو، دەکەونە بواری مێژوویی ولەوێدا هەڵدەسەنگێندرێن.

ئەم مەسەلەیە لەسەرئاستی کردەوەی سیاسی، زەمینەی نەکەوتنەبارو نوکلی کردنە لەسۆسیال-دیموکراسییەتی خۆی، بەوپێیە ئەوحزبە ئامانجی نادروستی لەنێوان پروپاگەندەی سیاسیوڕەوشتی خۆی پەیداکردوە، ئەو جارێکیان سەبارەت بەسوسیالیسم دەڵێت (من ناچم بۆئەو جۆرە کلیسایانە)[6].

ڤیبر بەم نارەزاییە رەوشناسییەی خۆی لەبەرامبەر مارکسیزمدا، ستایشی خۆی لەتایبەتمەندی دیاریکراوی خۆی، دەربارەی بەرەوپێشچوونی ئابووری وسیاسی لەئەلمانیا دەخانەڕوو. ئەو بەتوخمی دیاریکراو، لێکدانەوەی گشتی مارکسیزیم لەئایدیۆلۆژی مەزهەبی ئەوی دەزانیوسەیردەکرد، بەلام لەگەلٔ ئەوەشدا ماتریالیسمی مێژوویی لەلایەنێکییەوە، بەتاك رەهەندی مارکسیستی، کەهیچ کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر پێکهاتەی خستنەڕووی شێوازی تایبەتی سیستی بەهاداری ئایین نەبوو، نوکلی لێدەکرد.

بەمجۆرە ئەو ئەمەی قبولٔکرد، کەکلێسا لەولاتانی ئەورووپای خۆرئاوادا، وابەستەیە بەهێزی محافزەکارەکانەوەیە، یەکەمین کلێسای کاسۆلیکی رۆمی... بەلٔکو کلیسای لوتەری- یە.

بەلام ئەو لەکالۆنیسمی بزوتنەوەی مەزهەبییەوە، گەیشتە ئەو رایەی، کەمحافزەکارنە بووەو لایەنی شۆڕشگێری هەیە، هەروەك چۆن لەکتێبی (رەوشتی پروتستان)دا نیشانیدەدات، کەلوتریسم، پێشکەوتنی گرنگی لەبەرامبەر کاتولیسیسمدا هەیە، سەبارەت بەنفوزی ئەخلاقی مەزهەبی لەپێکەوەگرێدانی کاری عەقلانی بۆ داخوازیکردنی گشتی دەزانێت. لەکاتێکدا ریفۆرمخوازی لەناو خودی رادیکال وبنیادیدا، سوننەتگەرایی هەبووە، لۆتریسم دروست وەك کاتۆلیسیم (کەسێکی لادێیی بەهەمان تێروانینی پارێزگارانەی لەژیان، لەبەرامبەر دەسەلاتداریتی فەرهەنگی عەقلٔگەرایی لادێیانەیی یاری بوو).

هەردووك کلٔیسا هەولٔیاندەدا، پەیوەندییە شەخسییەکان لەنێوان ئەرباب و کۆیلەکاندا ئاسانتر لەپەیوەندی بازرگانی بازاڕ بخاتەژێر چاودێرییەوە، ئەو لەبەرامبەر هاتنەوە مێژوویانەو قولانەی کەهەمیشە کاتۆلیسیسم و لۆتریسم- یان لەکالۆنیسم جیادەکردەوە، ئەم تێروانینە هێزی دژە سەرمایەداری کلێساکانی ئەوروپایی پێدەبەخشی[7] لەبەرئەمە

ڤیبر کەسەبارەت بەبەدواچوون لەسەر دیاریکردنی وپەیوەندی مێژوویی نێوان کالۆنیسم وسەرمایەداری عەقلٔگەرایی تازە، بەدواداچوونی کردووە، لەهەمان کاتیشدا دادگاو بارودۆخی تایبەتی ئەلٔمانیاش، بۆیمە روونەکاتەوە، کالۆنیسم بەراستی لەخزمەتی ئەم شتانەدابوو، کەسوننەتگەرایی دیاریکەری شێوازی ئابووری پێشووبوو ولەبەرییەك هەلٔوەشێندرێتەوە، ئەوە ئەلٔمانیابوو کەیەکەمین (شۆڕشی ئاینی) لەرۆژگاری تازەدا تاقیکردەوە.

بەلام لۆتریسم فاکتەری شکستپێهێنانی سوننەتگەرایی نەبوو، ئەو میکانیزمە ئەخلاقییەی کەسەرمایەداری تازەبێت، دروستنەکرد- بەپێچەوانەوە کلێسای لۆتری بۆخۆی گۆڕا بۆ جۆرە پەناگایەکی دەسەلاتی سیاسی، کەتاسەدەی بیستەمیش درێژەی کێشا.

ڤیبر لەنووسینە سیاسییەکانیدا، ئەوخالٔەی بەئاماژە بەپەیوەندی راستەوخۆ لەنێوان لۆتریسم و بوژانەوەو بەرەوپێشچوونی دەولٔەتی پرۆس، تەواو ئاشکرادەکات:(پروتستانتیسم دەولٔەتی وەك کەرەستەیەك بۆ گرژی نانەوە، دامەزراوەی ئیلاهی رەهاو بەتایبەت دەولٔەت و دەسەلات) قانونی ومەشروع دەزانی.

لۆتر وەك خودی خۆشی، بەلٔێنی ئەخلاقی بۆجەنگ هەبوو، ئەوی بۆ توانا و سەرچاوەی دەولٔەتی دەگێڕایەوە، پەیڕەوکردنی ئەم توانایە لەهەموو مەسەلەکاندا، جگە لەباوەڕی مەزهەبی، هەرگیز گوناهو هەلٔەی لەخۆنەدەگرت. بەوەی ئەم تێڕوانینەی ڤیبر لێکدانەوەکانی مارکسیستی دەربارەی ئایدیۆلۆژی سەرخانی ئابووری راکێشکردەوە،

رێگاچارەیتر نەبوو کەزۆر تەوەرەکانی رەوشتی پروتستانی لەکاریگەری ئایدیاکان لەبەرەوپێشچوونی مێژوویدا جێگیربکات، میکانیزمی ئەم وێناکردنەش کەسیستمە هەمەجۆرەکانی ئایدیایی، دەتوانن سەرئەنجام وەك فاکتەری ئابووری بگۆڕدرێن وتەواو کۆتایی هاتووبن, راستییەکەی ئەوەیە کەرێچکەی لایەنگری لەنێوان فاکتەرەکانی (ماددی)و (ئایدیال)بوونی نییە ، لایەنگران لەم تێزەی ڤیبر، دەلٔێن: جۆرێك لەپچڕانی ریشەیی قولٔتر لەمارکسیسم- ە کەلەگەلٔ ژێرخانی بنەڕەتی سەرمایەداری وعەقلانییەتی برژوازیدا پەیوەندیدارە، ڤیبر بۆ پێراگەیین بەپێداویستییەکانی دەستەبەرکردنی ئەم دیدگایەی، دووبارە خالٔی دەستپێکردنەوەی خۆی، لەشیکارکردنەوەکەی بابەتێکیتری

خۆی، دەربارەی پێگەی ئەڵمان(میراتی بیسمارك) دەستپێدەکاتەوەو خۆی دەبینێتەوە.

یەك ناوەڕۆکی کلیلی لەنووسینەکانی ڤیبردا، هەمان جەختکردنەوەی ئەوە لەسەر کاریگەری سەربەخۆی سیاسی لەبەرامبەر بواری ئابووریدا، لێرەدا ئەوە گرنگە، کەهەریەك لەو شێوازە زۆر گرنگو دیارانەی تیۆری کۆمەڵایەتی سیاسی کەلەرۆژگاری سەرەتایی سەدەی نۆزەدەهەمدا، رەگوریشەیان هەیە، لیراڵیسم ومارکسیسم کەلەسەر ئەم خاڵە کۆکن، کاریگەریو دەسەڵاتی دەوڵەت، هەتا ئەوپەڕی کەمبکەنەوە، بواری سیاسی لێرەدا دەبێتەلاوەکی.



ماکس ڤیبەر

مارکسیسم جەخت لەسەر گرنگی دەوڵەت لەسیستمی سەرمایەدارییدا دەکاتەوە، بەڵام ئەو بەشێوەیەی نایەکسانی لەبەرژەوەندی چینایەتی دەزانێت، هەروەها وەك شێوازەی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی هەژماردەکات، کەلەشێوازی ململانێی چینایەتیدا، ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییە سەرمایەدارییە لەناو دەچن وسۆسیالیسم جیگای ئەو سیستمە دەگرێتەوە.

ڤیبر بەئاسانی نەبوونی پەیوەندی لەنێوان ئەم چەمکانە (کەلەلایەن سۆسیال- دیموکراتەکانەوە (رادەگەیێنرا) بەتێڕوانینی مارکسیستیانە، لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا دەزانی.

حزبی سۆسیال- دیموکرات، بەتایبەت لەرۆژگاری دەسەڵاتدارێتیو قانونەکانی دژی سۆسیالیستی دانرابوون و هەبوون، بەدڵنیاییەوە لەدەوڵەتدا رۆڵیان نەبوو، بەڵام تاکە ئیقبالی کەحزبی سوسیال- دیموکرات، لەسەربنەمای بۆچوونەکەی ڤیبر، بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی هەبوو هەر سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی بوو، بەڕای ڤیبر، ئەگەر حزب لەم رێگایەدا سەرکەوتنی زیاتری بەدەستدەهێنا، زیاتر دەبووە حزبیکی جەماوەریو بەرەو دیوانسالاری دەچوو، ئەوەی ببێتە جێگرەوەی دەسەڵات (دەسەڵات بگرێتە دەست) دەگۆڕدرا بۆ تەبابوون لەگەڵیدا، ڤیبر، دیدگاکانی لیبرالە چەپەکانیش بەهەمان شێوە رەتدەکاتەوە.

بەڕای ڤیبر، رەوشی لیبرالیزم لەسالی (1848)دا لەرۆژگاری دوای یەکبوونەوەی ئەڵمانیا[8] پەراوێزکراو وگۆشەگیربوو.

ماکس ڤیبر، ئەو گریمانەی بۆچوونی ئەمانە، سەبارەت بەئەوپەڕی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت، لەرێگای بەرفراوانکردنی تەواوی مافی وابەستەبە هەڵبژاردنەکانی سیاسی، بەبەرفراوانبوونو ئاسەواری سیاسی لەئەڵمانیادا بەئەستەم دەزانی.

لەناوخۆی ئەڵمانیادا میراتی بنچینەیی دەسەڵاتدارێتی بیسمارکی بوونی کارگێری دەوڵەتی دیوانسالاری بوو: یەك دیموکراسی بەبێ رابەر، هیچ پێشکەوتنێکی لەبەرامبەر بارودوخی هەنوکەیی، واتا: گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی یەك چینی، لەحاڵەتی هەرەسهێنانو لەناوچووندا نەبوو وهەژمارنەدەکرا.

ئەڵمانیا خۆی لەژێر گەمارۆی دەوڵەتە بەهێزەکانیتردا دەدیەوە، یەکبوونەوەی ئەڵمانیا بەخستنەڕووی توانای سەربازی پرۆس، لەبەرامبەر نەتەوە رەسەنەکانیتری ئەورووپایدا بەدەستهاتبوو.

بۆیە ئەڵمانیا بەرەوچوونی بۆیەك كۆمەڵگای سیستمی برژواژی، نەیدەتوانی لەسەرهەمان ڕەوشی بەرەوپێشچوونی سیاسی بریتانیا – یان ئەمریكا بڕوات.

ڤیبر، لەزۆر شوێندا بەراوردی ئاشكرای لەنێوان هەلومەرجی مێژوویی ئەڵمانیاو ئەمریكای ئاماژە پێكردووە.

ئەڵمانیا كەلەپێگەیەكدابوو (ئێمە بەپاراستنی شكۆ وتوانای فەرهەنگی كۆنی خۆمان لەیەك هۆردووی سەربازی جیهانی ترساو لەچەمكی چەك، ئەگەر بشێ بڵێین ناچاركردبوو) بەڵام لەلایەكیترەوە ولاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا، ئەم كێشانەی بۆ نەكردبوو (لەوانەیە هیچ كاتێ– یان رووبەڕووی هیچ یەك لەم گرفتانە نەبێتەوە) جیاییولاچەپەكی خاكی ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، ئەمەی رەخساندوە (چارەنووسی واقیعی ومێژوویی لەسەر نێوچەوانی دامەزراوەكانی دیموكراسی ئەو نووسراوەتەوە، ئەم ولاتە بەبێ لەدەستدانی ئەم ئیمتیازە، بەهۆی بوونی هاوسێیی بەهێزو شەڕانگیز، ناچاربا وەك ئێمە جلوبەرگی زینهارپۆشی جەنگی لەبەردابا،

ئێمە بەلەبەركردنی ئەو جۆرە بەرگە، لەولاتەكانمانەدا هەمیشە لەباروەزخی سەربازی ئامادەباشی پێش جەنگدا دەژیاین و وامانهەستدەكرد.

ئەم هەڵسەنگاندنەی ڤیبر، لەرووی چەمكی گشتییەوە، سەبارەت بەدەوڵەت وتوانا، بەمجۆرەی كەلە ئابووری وكۆمەڵگادا شێوازی وەرگرتووە، یاریدەدەر بووە، ڤیبر لەبەرامبەر بیرمەندانی هاوچەرخی خۆی (وەك دوركمایم) كەمیللەت دەوڵەتی نوێی سەرتا، وەك یەك دامەزراوەی ئەخلاقی دەزانی.

لەمەش زیاتر چۆنییەتی ودەسەلاتداریتی دەوڵەتی، لەپروپاگەندەی بەوەی لەیەك قەڵەمڕەوی خاكی دیاریكراو ولەرێگای بەكارهێنانی زۆر وستەم تائكید دەكاتەوە.

دەوڵەتی توین بریتییە لە: یەك كۆمەڵی لەسەربنەمای زۆری بەجێپێگیربوونی تەواو لەسەر پانتایی خالێكی دیاریكراو. لەناو سنووری دەوڵەتی كەسیدا، كردەوەی زۆرو چاودێری دەكات، ئەو لەو بڕوایەدابوو، پێناسەكردنی ئەم دەستەی سیاسی بەگوتنی هەرشتێكی دیاریكراو كەمەرامی ئەو گروپە بۆ بەدەستهێنانیەتی نامومكینە (هیچ مەبەستی قابیلی دركپێكردن بوونی نییە، كەهەندێك لەدەستە سیاسییەكان كەسەردەمانێك دوای نەكەوتنو كاریان بۆنەكرد بێت،

(هیچ یەك لەم نیازانە لەپاراستنی ئاسایشی شەخسی، هەتا بەرێوەبردنەكانی دادپەوەریش، تەواو دەستەبەرنەكراو).

لەسەر ئەم بنەمایە، خەسڵەتی سیاسی دەستەیەك، تەنها بەپاوانكردنی دەسەلات و زۆر، قابیلی پێناسەكردنە، كەئەمەش كەرەستەیەكە، نەك ئامانجی و نیاز.

پێكهێنانی دەوڵەتی قانونی عەقلانی لەكۆمەڵگاناسی ڤیبردا، بۆ بەدەستهێنانی یەك ئاراستەی گشتی بۆ بەرەوپێشچوونی دابەشبوونی كاری سەرمایەداری نوێ بەكارهێندراوە.

و بەپێشنیاركردنی ئەمە بەشێوەیەی گشتی، چەمكی دیوانسالاری حزبی لەناو ئەودا جێگیردەبێت، بەشێوەیەك بەكاردەبرێت، كەبەیانكەری تایبەتی سەربەخۆی بواری سیاسی، بەبەراورد بەبواری ئابووری یەك مانا دیاریكراوبن.

بەلای كارڵ ماركسو زۆرینەی بیرمەندەكانی كۆمەلایەتی سەدەی نۆزدەهەم، مەسەلەی دیوانسالاری بەشێوەیەكی گشتی گرنگی كەمی هەبوو وبەواقیعی هەژمارنەدەكرا، كەراستەوخۆ بەشێوەی رێكخراوەیی سیاسی، كەخۆی لەسەرهێزی چینایەتی وابەستەبوو، بەدواداچوونی بۆبكرێت.

دیارە ڤیبر، نوكلی لەوەناكات، كەسەرمایەداری نوێ بەسەرهەڵدانی یەك سیستمی چینایەتی، لەسەر بنەمای سەرمایەیەو كرێكاری (كرێ وەرگر) هاوشانبووە، بەڵام ئەم مەسەلەیە بەلای ڤیبرەوە، بەپێچەوانەی بۆچوونی ماركس– ە.

نەهێشتنی بنەڕەتیو ژێرخانی بۆ دروستبوونی جیاوازی لەپرۆسەی دابەشبوونی كار، كەلەگەڵ بوژانەوەی سەرمایەداریدا هاوتابوو، نییە.

ڤیبر، تایبەتمەندی سیاسی، بەتایبەتمەندی حوكمی ئابووری دەزانێت و بەبەدیاریكردنی دیوانسالاری كاروبارەكان (كەگەورەترین ویەكەمین تایبەتمەندی دەوڵەتی قانونی و عەقلانییە) وەك كاملترین دەستەی شێوازی سەرمایەداری هەڵسوكەوت دەكات.

بەمجۆرە ڤیبر، نوكلی لەم شێوازە دەكات، كەبێبەشی كرێكار لەكەرەستەكانی بەرهەمهێنان، تەنها وابەستە بەبواری ئابووری نییە.

هەر شێوازێكی رێكخراوەیی، بەریزبەندی لێپرسراوێتی لەدەسەلات، دەتوانێت لەگەڵ پرۆسەی (بێبەشبوونی

سەرەوەدا) بێتەوەو جێبەجێبکرێت، لەدەوڵەتی تازەدا (کارگێری رشتەیی، کەلەسەر بنەمای دابەشبوونی کارە) تەواو لەخاوەندارێتی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان بێبەشە.

لەدەوڵەتی هاوچەرخدا، ئەمە سەبارەت بەچەمكو وێنای دەوڵەتی، بنچینەیی جێگیرەو لێکهەڵوەشانەوەی کارکەرانی ستادی، فەرمانگە لەکاربەدەستانی ئیداری (جیاکردنەوەی ستاد لەشارەزایی کارگێری ئەمڕۆ) وەك لەبەریەك دابڕاندنی کرێکاران لەکەرەستەکانی مادی و رێکخراوەیی ئیداری کاملبووە.

لێکدانەوەی ڤیبر ، لەبەرەوپێشچوونی سیاسی ئەڵمانیا، لەم خاڵەدا لەگەڵ بوژانەوەی سەرمایەداری خۆرئاواو پەیامە هاوشێوەکانی (لەرووی چۆنیەتیەوە) سەرهەڵدانی کۆمەڵگای سوسیالیستی یەکدەگرێتەوەو وابەستەیە، مەسەلەی بەرەوپێشچوونی سیاسی ئەڵمانیاو هاوکات پەیوەست بەمیراتی بیسمارکییەوەیە، کەئەڵمانیای بەیەك هێزی جێگیری دیوانسالاری سپارد. بەیەك سیستمی دامەزراوەیی کەبتوانێت رابەرایەتی سیاسی سەربەخۆ دروستبکات، بەلام تەواو نەکراو کاروبارەکانی میللەتیش خواستی ئەو رابەریەتەی هەبوو.

رابەرایەتی سیاسی بیسمارکی کەلەرابردوودا لەدەست ئەریستۆکراتەکانی پڕۆسدابوو.

ئیتر ئەم دیوانسالارییە لەناو سیستمێکی سەرمایەداریدا، توانای مانەوەی نەبوو. ئەم مەسەلەیەش مەسەلەی کرێکاروچینی برژوای وەلادەنا.

هەم لێکدانەوەکانی ڤیبر ، لەسەر لێکدانەوە تایبەتییەکانی حزبی سۆسیال- دیموکرات و هەو ریزبەندیکردنی ئەو، لەمەسەلەی گەشەکردنی دابەشبوونی کاری دیوانسالاری، لەسەرمایەداریدا. ئەو دەگەیەنێتە ئەوبڕوایەی، هەربنیادو دامەزراوەی برژوازیە.

ڤیبر ، میکانیزمی ئایدیۆلۆژیای سوسیال- دیموکرات لەسەربنەمای رەواجدان بەو باوەرە، کە دەتوانێت دیوانساری دەوڵەت بگۆرێت، بۆکەرەستەی شۆڕشگێری و تێکبیدات، بەخەون وخەیاڵی دەزانی، تەنها بەو جۆرەنییە،کە ئابووری سەرمایەداری هەردەبێ بەرێکخستنی دیوانسالارانەبێت، بەڵکو سۆسیالیزەکردنی ئابووریش بەناچاری بلاوبوونەوەی زیاتری دیوانسالاری، بەشێوەیەکی بەرچاو، بەپێی بەرنامەی دارێژراو ناگیردرێتەبەر. گەیشتن بەم ئامانجە لەئاستێکی گشتیتردا، وەك پرۆسەی بێبەشبوونو وەبەرهێنان، دابەشکردنی کار دەگەیەنێت.

پێشبینی مارکسیستەکان سەبارەت بەسوسیالیسم، لەسەر ئەم بنەمایە کەکۆمەڵگای سەرمایەداری دەتوانرێت، بەیەك سیستمی کۆمەلایەتی تازە بهێنێتەپێش، بەلام لەتیۆروانینی ڤیبردا ئەمە لەئارادانییە.

تایبەتمەندی بنچینەیی سەرمایەداری لەپەیوەندی چینایەتیدا، لەنێوان کرێکارانی کرێوەرگرو سەرمایە، نادرێتە دەستەوە- بەڵکو لەئاراستەی عەقلانیەتی چالاکی بەرهەمهێناندا خۆی دەدۆزێتەوەو رادەگرێت.

پرۆسەی جیاکردنەوەو دابڕانی کریکار، لەکەرەستەکانی بەرهەمهێنان، تەنها نموونەیەکە لەعەقلانیکردنی رەوشێك، کەلەهەموو بوارەکانی کۆمەڵگای نوێدا لەحاڵەتی پێشکەوتندایە.

ئەم پرۆسەیە کەتایبەتمەندی دیوانسالاری دەخاتەروو، ئیتر ناگەرێتەوە، دەتوانین سوسیالیسم بەبەسەردا سەپاندنی زیاتری چاودێری عەقلانی، لەسەر رەوشی ئابووری (ناوەندی ئابووری)

(چاودێریکردنی دەوڵەت لەسەر کاروباری ئابووری) دەستەبەربکرێت، سەرئەنجامیش تەنها دەتوانرێت یەك بلاوبوونەوەی بەرفراوان لەرەوەندی دیوانسالاریدابێت.

ئەم دۆخە، ئیتر (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا)ی ناوێت، بەڵکو (دیکتاتۆری بەرێوەبەرو کارگێرەکان) دەبێت.

لێکدانەوەی ڤیبر ، لەسەربنیادی سیاسی ئەڵمانیا لەژێرکاریگەری سێ شتی سەرەکیدایەو وابەستەیەتی، پێگەی فیودیالە، خاوەنی زەوییەکان، کەلەسەر سوننەتی (یونکر)ە، (حەزکردن بەرەو دەستبەسەرداگرتنی دیوانسالاری بێکۆنترۆڵ) لەرێگای بەرێوەبردنی دەوڵەتی.

وەلەدەستدانی رەهبەری سیاسی کەپەیوەندی بەهەریەك لەم فاکتەرەوانەوە هەیە.

ئەم سێیانە لەسەر ئاستی گشتیتر لەکۆمەڵگەناسی سیاسی ڤیبردا، لەتیۆروانینی ئەو لەدەسەلات دووبارە سەرهەڵدەداتەوە، سێ رووی ئەم گۆشەنیگایەی ئەو، بریتین لەسوننەتیو قانونیو دانایی.

ڤیبر ، دەسەلاتدارێتی یونکرەکانی وەك مۆدیلێکی نزیك لەوسەرئەنجامە گشتییانەی بەراورد لەگەڵ دەسەلاتدارێتی

قانونو سوننەتی وپەیوەندی نێوان ڕۆمو ئەڵمانو چالاكی ئابووری دەزانی.

ڤیبر ، لەباسەكانی خۆیدا لەبەراوردكردنی ڕۆمو ئەڵمانیا (لەڕۆژگاری ژیانیدا) كەڵكی زۆری وەرگرتووە.

ئەو ئەوەی ئاشكراكرد كە( دەسەڵاتداریتی چینی فیودیال دەمێنێتەوە، چونكە بنیادی بەزۆری بۆ ماوەییەو لەوڕێگایەوە دەتوانرێت، سنووردارێ زۆر لەسەر ئازادی چالاكییەكانی بەرژەوەندپارێزانەو بەرفراوانكردنی بازاڕەكان بەڕێوە بچێت)

بەڵام ئەو لەگەڵ ئەو جەختكردنەوە گشتییەیدا، لەسەرخاڵی سەرەوە پێدادەگرێت كەچالاكییەكانی ڕەوشی سیستمی دەسەڵاتداریتی سوننەتی، بوژانەوەی چالاكی سەرمایەداری عەقلانی ڕادەگرێت، بەڵام سیاسەتی ئابووری ئەوانە ڕۆڵی وایان هەیە، تایبەتمەندی وخواستی شێوازی كاری سوننەتی، لەوەی كەلەبەرامبەر سەرهەڵدانی عەقلانیەتی رەسمی- یان پێوانە لەكاردنەوەی ململانێی كۆمەڵایەتیدا، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

بارودۆخی مێژوویی ئەورووپای خۆرهەڵات، بەپێی تیۆرییەكەی ڤیبر، لەڕووی ڕەواجو زیادبوونی پێشكەوتنی دەوڵەتی عەقلانی، لەگەڵ كارگێری ڕشتەیی ئەودا، دەگمەنە. ئەمەش یەك مەرجی سەرەكی بووە، كەسەرهەڵدانی سەرمایەداری تازە لەخۆرهەڵاتی ئەورووپای ئاسانكردوە، بەڵام سەبارەت بەئەڵمانیا ئەوە نیشاندەدات، كەبەرەوپێشچونی دەوڵەتی عەقلانی، بەهیچ جۆرێك مەرجی تەواوی سەرهەڵدانی سەرمایەداری نوێ نییە، لەوڵاتانی وەك ئینگلتراو هۆلەند، كەسەرمایەداری زووتر سەریهەڵدا، دەوڵەتی دیوانسالاری بەبەراورد، لەگەڵ ئەڵمانیادا كەمتر بەرەوپێشچوو بوو، ئەم بوونی دەوڵەتی دیوانسالارییەی ئەڵمانیاو ئەو دەسەڵاتدارییەی كەبیسمارك خستبوویەدەست بۆدەست سیاسەتمەدارانی ناپیشەكار (سیاسەتمەدارانی پیشەیی) بەوجۆرەی ڤیبر ، لەلێكۆڵینەوەكانی خۆی باس لەشارستانییەتی خۆرئاوا دەكات، لەهەموو دەوڵەتە بۆماوەییە (شانشین)ەكاندا بوونی هەبووە، ئەوانە كەسانێكن كەلەخزمەتكردنی پاشایەكدا ئیمتیازی بەرجەستەو تایبەتیان پەیداكردوە،( ئەوكەسانەی كەناكۆكن لەگەڵ ڕابەردا، حەزیان بەئەرباب بوونی خۆیان نەكردوە، بەڵكو بوون بەخزمەتكەری ئەربابانی سیاسی.

بەڵام تەنها لەخۆرهەڵاتی ئەورووپادا، سیاسەتمەدارانی پیشەیی بوونیان هەبووە كەژیانی خۆیان نەزری خزمەتكردن بەهێزو توانای پاشاكانكردوە. ئەوانە لەدەرەوەی سیاسەت دەژیانو تەنها بنەمای قانونی دیاریكراو بەرەسمیەت دەناسن، بڵاوبونەوەی ئەمە لەئەورووپادا، بەشێوەیەی هەمەجۆرە لەشوێنی جیاجیادا هەبووە، بەڵام جارجارەش ناكۆكی سەبارەت بەهێز لەنێوان پاشاو دەستەی كارگێری بەڕێوەبردنی سیاسی سەریهەڵداوە، ئەم ناكۆكییانە لەئەورووپادا لەحاڵەتی گەشەكردندابوون، لەئەڵمانیادا ئەم مەسەلەیە شێوازێكی تایبەتی بەخۆیەوەگرت: لەهەر شوێنێكدا كەشانیشینی دەسەڵاتی واقیعی گرتەدەست، خۆی، ئەمشتە دێتەپێش وبەتایبەت لەئەڵمانیادا ڕوویدا، بەرژوەندی پاشا لەگەڵ ئەو دەستەیەدا، كەدەستەی سیاسییەكانی دژ بەدەسەڵاتەكانی پەرلەمان بوون، لێكیاندەدات وگرژی دروستدەبوو، ئەو دەستە سیاسییانە حەزیاندەكرد پێگەی ڕابەری- یان پۆستی وەزارەتەكانیان لەدەستدا)بێت. بەمجۆرە ئەم لێپرسراویەتیانە ڕەوشێكی بۆبەڕێوەبردنی كاری ئیداری خۆی دەگرتو دادەنرا، پاشاش بەرۆڵی خۆی دەیویست بتوانێت، بەتێڕوانینەكانی وەزیرەكان، لەكارمەندانی سیاسی پیشەیی وەزارەتەكاندا دابنێت، بەڵام هەردووك گروپ پێیانخۆشبوو، خاوەنی یەك ڕابەری سیاسی یەگانەو یەكگرتووبن، لەبەرامبەر پەرلەماندا...،

هەڵبەتا هەموو دەوڵەتە تازەكان، بەم دوو جۆرە كارمەندانەوە دەرگیربوون: كاركەرانی جێبەجێكردنو كاركەرانی سیاسی.

باسەكەی ڤیبر ، سەبارەت بەپەیوەندی لەنێوان ئەم دوو شێوەیەدا، لەكاروباری جێبەجێكاری ئەڵمانیای نوێدا، لەسەر لێكدانەوەكەی ئەو، لەچۆنیەتی ڕابەری سیاسییە، كەراستەوخۆ بەرێزبەندی گشتی دەسەڵاتداریتی دەستبەسەرداگرتنی تواناوەیە، كاركەرانی دیوانسالاری، پێویستە ئەركەكانی خۆیان لەڕووی ویژدان وبێلایەنانە ئەنجامبدەن، هەروەها ڤیبر زۆرجار دەیگوت، ئەمكارە پێویستە (بەبێ توڕەیی وهەڵچوون ئەنجام بدرێت(Iraet–Sine–Studio) بەڵام ڕابەری سیاسی لە بەرامبەردا دەبێ( پڕ جۆش و خرۆشبێت، لەبەداداچوون وباش بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی) ، واتا: لەبڕیاری سیاسییەوە، بۆ بواری جێبەجێكردنی ئیداری، لەڕێگای دەستەبەری كارگێری

دیوانسالاری، بەتایبەت لەبەرامبەر تایبەتمەندی ونیازو خواستەکانی سەرەکی کاردانەوەی سیاسی.

ئەم بۆچوونە کەڤیبر زیاتر لەلێکدانەوەکەی خۆی، سەبارەت نەبوونی رابەری سیاسی لەئەڵمانیایدا خستویەتیەژێر باس ولێکۆلینەوە...،

بەشی سەرەکی بەراوردی گشتی ئەو لەنێوان ژێری و دەسەلآتداریێتی سوننەتی و دەسەلآتداریێتی قانونی عەقلانییە.

لەلایەکیترەوە هەردوو ئەمانە، رێگای بنەرەتی بەرێوەبردنی شێوازی ئیدارین و بۆمان جێماون .

رابەری ژێر (وەك هەر رابەرێکی راستەقینە، بەو مانایەی دەستوری تازە بدۆزینەوە- یان دارێژێتەوە) بەم هۆیەشەوە کە(بوونی کەسی ژێر) گرنگییەکی بنچینەیی لەسیستمی دیموکراسی نوێداهەیە، بەبێ ئەو ناتوانرێت، هیچ سیستمێکی دیموکراسی وسیاسەتگوزاری تەبا، سەبارەت بەدەوڵەت فەرمانڕەوایی سیاسەتمەدارانی پیشەیی، لەبواری تایبەتی ورشتەییدا هەبێت، خۆراگرێت وبێنێتەوە.

1- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مەسەلەی (وەدرەنگ گەڕانی ئەڵمان، هەتا ئەو ئاستەی پەیوەندی بەبیرۆکەکانی کارك مارکس وماکس ڤیبرەوە هەیە، سەیری (ماکس ڤیبر، بەرەوپیشچوونی سەرمایەداری) ئانتۆنی گیدنز(1970) لێکدانەوەی مارکسیستی بەگەشەکردنی فەلسەفی وکۆمەڵگاناسی ئەلمان، لەم بارەشەوە لەکتێبی لۆکاچ (1955) دراوەتەدەست.

2- بریتانیا:هەرلەسەدەی(15-16) وە ولآتێکی پیشەسازییە، تەنانەت یەکەم ولآتیشە لەدنیادا کەبۆ یەکەمجار پیشەسازی سەری تێدا هەڵدابێت ، بەلآم گیدنز لێرەدا مەبەستی لەبەپیشەسازی بوونی کۆمەڵگایە- یان بەمانا تازەکەی بەکاریهێناوە.

3- لەگەڵ وەرگێرانەکەی ساڵی (1958)من لەلاپەرەکانی (382-384)دا کەمێك وەرگێرانی ئەمەم چاکسازی تێداکردووە.(ئانتۆنی گیدنز)

4- لەدەقەدا نووسراوە(نان و رۆن)، بەلآم بە کوردی(نان و ئاو) باوترە بۆیە ئەمەی دوایمان دانا (و: کوردی)

5- پەیوەندییەکانی کرێکارانی کشتوکاڵی لەئەلمانیای خۆرهەلآتدا ( Die Vernalinisse der Landarbeiterim Ostelbischen – Deutschland)لایپنزیك(1892) لا(798) تەواو نادروستەکە وای دەردەخات (ڤیبر نووسینەکانی خۆی بەئامانجی خستنەڕوو هێنانەوەی بۆچوونی خۆ بەدروستی تیۆرانینەکەی مارکسیستی سەبارەت بە ژێرخانی ئابووری نووسیبێت ئەم رایە بەهەڵەدابردنە لە فلایشمانەوە (Fleischmann) (1964)لاپەرە(194) "گیدنز"

6- ئەمە لە(باومگارتن) وەرگیراوە (1964) لاپەرە (607)(گیدنز)

7- هەموو ئەو گوتانەی سەرەوە لە نووسینەکانی ڤیبر وەرگیراوە(گیدنز)

8- ئەوکات پرۆس، زۆر خاکیتری ئەمرۆی ئەلمانیانەبوو وپارچەپارچەبووەو لەو رۆژگارەدا ئەڵمانی نەژادەکان خەریکی یەکگرتنەوەبوون (و-کوردی)

**سەرچاوە:**

سیاسەت وکۆمەڵگاناسی لەئەندێشەکانی ماکس ڤیبردا

**نشر قطرة**

نووسینی: ئانتۆنی گیدنز

وەرگێری، فارسی: مجید محمدی

وەرگێرانی بۆ کوردی: عومەر رسول- شینکی